ئەو نامانەی بە فرمێسک

نووسراون

شیعر

# ئەو نامانەی بە فرمێسک نووسراون

ئامادەکردنی

لەتیف فاتیح فەرەج – ئاکۆ محەمەد شوانی

کەرکوک – ٢٠١٣


ئەو نامانەی بە فرمێسک

نووسراون



ناوی کتێب : ئەو نامانەی بە فرمێسک نووسراون

بابەت : نامە

ئامادەکردنی: لەتیف فاتیح فەرەج – ئاکۆ محەمەد شوانی

تابلۆی بەرگ: Dan Sekanwagi

بەرگ: فەهد شوانـــــی

دەرهێنانی هونەریی: ئەنجام سەعید

زنجیرە (١٤٤) لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک

سەرپەرشتی چاپ: نەوزاد عەلی شێخانی – ئاکۆ محەمەد شوانی

چاپی یەکەم: ٢٠٠٦

چاپی دووەم: ٢٠١٣

چاپخانە: کارۆ

تیراژ: (٥٠٠)دانە

ساڵی چاپ: ٢٠١٣ – کەرکوک


هەواڵنامەی کتێب

**پرۆژەی چاپکردنی (٢٥) کتێب بە بۆنەی (٢٥) ساڵەی کارەساتی ئەنفال**

**خوامان هەیە**

نامەی منالان لەبارەی خۆیانەوە، ژیانیانەوە، باوکیانەوە دوای کارەساتی ئەنفال، یەکێکی دیکە بوو لەو کارانەی کە لە سالانی(٩٦، ٩٧، ٩٨)ی سەدەی ڕابردوودا دەستم کرد بەکۆکردنەوەی ئەو نامانە بەشێکی کەمیان لەڕێگای هاوڕێ (پێشرەو شوانییەوە) لە کوردستان نێت بەناوی منەوە بلاوکرانەوە، دواتریش (ئاکۆ شوانی) برای کاک پێشڕەو بەشێکی زۆری لە نامەکان لە ڕۆژنامەی ئالای ئازادی بلاوکردەوە، کە ناومان لێنابوو(ئەو نامانەی بە فرمێسك نووسراون) ئاکۆ جگە لەو نامانە چەندین نامەی دیکەشی بۆ زیادکرد، ئەم نامیلکەیە، بەشێکە لەو نامانە بەگشتی، دەبێ ئەوەش بلێم کە پێشتر بەشێك لە نامەکان و ناوەڕۆکی نامەکانم برد بۆ گۆڤاری ئایندە





بەداخەوە دیارە سەری تیاچوو، هەرچەند دواتر کاك (دڵشاد عەبدوڵا) داوای کرد نامەکان بنێرمەوە تا بلاوبکرێتەوە لەگەڵ ئەو نووسینەش کە لەسەریم نووسیبوو، لێ من نەمنارد، بایەخی ئەم نامانە لەوەدایە کە منالان بۆخۆیان قسە دەکەن چۆنییەتی داواکردنەکەش لێیان بەو جۆرە بوو، لە قادرکەرەمییەکان (ئۆردوگای شۆڕش) دەچوومە پۆلێکەوە و دەمگوت کێ باوك یان باوك و دایکی ئەنفالە با نامەیەکم لەو بارەیەوە بۆ بنووسێ بە ئارەزووی خۆی، دیارە ئەمە بەشێکە لە بەرهەمەکەی، لەو نامانەدا شیعری زۆر جوانیش دەنووسرا بۆ نموونە:

کوێر هەتا دەمرێ بەتەمای چاوە
منیش تا دەمرم هەر دەڵێم باوە

یان منالێك نووسیبوی (کوا باوکم) هەڵبەت ئەم نامانە بایەخ و تایبەتمەندی خۆیان هەیە بۆ ئایندە و بۆ توێژینەوە لەسەر

کاریگەری ئەنفالیش لەسەر ئەوانەی ئەزیزترین کەسەکانیان لەم کارەساتە مرۆییەدا بوونەتە قوربانی، بەلای ئەو منالاّنەوە ئەنفال دزینی ئەزیزترین شتە یان کەسە لایان، هەموویان لە نامەکانیاندا باس لەوە دەکەن کە باوکی خۆیان نەدیوە (باوکی خۆم نەدیوە) لێرەوە ئێمە درك بەڕوحی برینداری ئەو ئینسانە دەکەین کە ناوی کوردی پاشماوەی ئەنفالە، ئەو ئینسانەی ڕامانهێناوە لەسەر ئەوەی سالاّنە لەیادی ئەنفالدا دلّی پڕ بکەین لەخەم و ئەندێشە و دوو ڕۆژ دواتریش کارەساتەکەمان لەبیربچێتەوە، بیرکالّی کورد لەو چرکەساتەوە دەست پێدەکات، بۆیە ئەم هەولّە لانی کەم بۆ ئەوەیە کە بیرمان نەچێت کە ئەنفالکراوین و هەمیشە دێرە شیعری ئەو کچۆلّەیەمان لەسەر زاربێت کە دەلّێ:

باخودا بەزەیی پێمابێتەوە
باوکم لەکوێیە بیهێنێتەوە



ئەونامانەی بەفرمێسک
نووسراون

ئەم پێشەکییە کورتە بڕوام وایە لەبری ئەوەی پڕۆژەکە بناسێنێ، ستەمێکە لە قسەی ئەو منالاّنە ئەوانەی خۆیان دەزانن چۆن قسە لەئەنفال بکەن بۆ نموونە (لەمیعە سەلام بابەعەلی) دەلّێ :"من باوکی خۆم نەدیوە و باوکی خۆم بە بیرنایەت، تەنها ئەوەندە نەبێت کە دەزانم باوکم نییە". یەك تکام لە خوێنەری ئەم نامانە هەیە ئەویش ئەوەیە با بایی نامەی پڕ هەستی ئەم منالاّنە ڕێز لەو نامیلکەیە بگرێت و لە مالّەوە بۆ خوشك و برا و کوڕ و کچە بچووکەکانی بگێڕێتەوە، کە ئەوانە نامەی منالاّنی کوردن. لێرەشەوە هەر کەسێك ئازادە ئەو نامانە وەردەگێڕێتە سەر هەر زمانێك بەلاّم بەمەرجێ پرس بەهەردوو ئامادەکار بکرێت.

لەتیف فاتح فەرەج

## بۆ بەڕێز نەتەوە یەکگرتووەکان

سڵاوێکی گەرمتر لە سووتاوی جەرگی دایکە ڕەشپۆشەکانی گەرمیانەوە، من منداڵێکی باوك ئەنفالکراوم و هەرسێ مامەکەم و چوار ئامۆزا و دوو خوشکم ئەنفالکراون، ئێستا من لە مەملەکەتە بێنازەکەی ئۆردوگای شۆڕشەوە، ئەو شوێنەی بۆنی سوێی سووتانی جەرگمان لەناو ئەو خۆڵ و خاشاکەی کە تەنها لە بیابانی عەرعەر دەچێت وەك ئەوەی ئێمەش لەوان تاوانبارتر بین؟... نازانم ئێوە لە کام قەسری جیهانەوە ئەڕواننە ژیان، بۆ کەس ئاگای لەو ژیانەی ئێمە نییە؟ ناهەقیشتان ناگرم چونکە ئێمە مەسئولەکانی خۆمان ئێمەیان لەبیر چووەتەوە نە کا ئێوە... من داواکارم باوکم کە نەمبینیوە بگەڕێننەوە بۆ ماڵە پڕ





لە چاوەڕوانییەکەمان، بەس تۆخوا با دادە سوهام و هەناریشیان لە گەڵدا بێت... چاوەڕوانین...
چاوەڕوانی هەمیشە چاو لە دەرگا

نێرگز بەهادین ئەحمەد / لە دایکبووی ١٩٨٩

هەواڵنامەی کتێب

## کەس بەقەد من نازانێت

## بێ نازی باوك چۆنە

من كە ناوم ( ئامینە حاجی سەعیدە)ەو لە ناحییەی قادر كەرەم لە دایكبووم، ئەو كاتەی باوكم و هەموو خزمەكانم ئەنفالكرا من تەمەنم ٢ساڵان بوو، بەهەرحاڵ بینینی باوكم و یارییەكانمان دێتەوە یاد. زوو زوو باوكم بەمنی دەوت پشە گیان بۆیە گەر ئێستاش پشیلە ببینم پڕ قوڕگم گریان دەبێت و چاوم ئامادەی ڕشتنی فرمێسكە، كەس بەقەدەر من نازانێت بێنازی باوك چەند نا خۆشە، ئەگەر باوكت نەبێت وەك ئەوە وایە ژیانت نەبێت، چونكە باوك و ژیان دوانەیەكی لێكدانەبڕاون. ئێستا من لە ئۆردووگای سمود بەناو (ڕزگاری) دەژیم بەداخەوە تروسكاییەك ڕزگاری تیادا نابینم...

تكایە فریامان بكەون ئەمە حاڵ نییە ئێمەی تیادایـن...

ئامینە حاجی سەعید/تەمەن ١٩٨٦

سمود





## بڕوخێ سەدام و دارو دەستەكەی

من كە ناوم ( دابان ئەحمەد)ە و ئێستا لە سنووری ناحییەی سمود دا ئەنیشم و جگە لە باوك سێ براو خوشكێكم بەر شاڵاوی ئەنفالە بەدناوەكەی سەدامی دیكتاتۆر كەوتوون، ئەو سەدامەی كەوا جەرگی من و دایكمی سووتاند و باوك و براو خوشكەكانی ئەنفال كردم خوا جەرگی بسووتێنێت و ڕوو ڕەشی دنیاو قیامەت بێت.. داوام ئەوەیە كە خوای گەورە لەو دونیا باوك و دادە و كاكەكانم پیشان بداتەوە و بزانم دەنگ و باسیان چییە.. مەگەر بەس خوا بزانێت ئازاری بێ باوكی و دووری كەسەكانم چەند ناخۆشە. بڕوخێ سەدام و دارو دەستەكەی و بژی كوردستان.

دابان ئەحمەد حسێن

تەمەن ١٣ساڵ / سمود

**سڵاو...**

سڵاوێك لە شارەكەی قەڵای شێروانەوە لە شاری نەبەردین و ئازادیەتییەوە بۆ دوژمنە ترسنۆكەكانی بەغداد، وا نەزانن بە كارەساتی ئەنفال دەتوانن ئێمە لەناو ببەن ئێمە نەوەی میدییەكەی خەسرەوین نامرین تاوەك و بە ئازادی نەژین، من دایك و باوكم ئەنفالە و ئێستا لای بابام دەژیم و لە قوتابخانە دەخوێنم تاوەك و بە قەڵەم بەرەنگاری چەك و تەیارەكانی سەدامی دیكتاتۆر دەبینەوە، ئەو سەدامەی كەوا تەنها بەس خوا دەزانێت چییە و چۆن دروستبووە.

بە چاوی پڕ لە فرمێسك و دڵی نائومێدەوە دەڵێم قەیناكە منیش بابژیم.

شنۆ قارەمان رەشید

لە دایكبووی ١٩٨٥ /كەلار





**بۆ كاكە پاڵە و جوتیار..**

من كەناوم (سوعاد حەمە فەرەجە)و ئێستا لە شاری هەولێر دادەنیشم: دوبراو چوار ئامۆزام ئەنفالە و ئێستا چوار خوشك لەگەڵ دایك و باوكمدا ماوینەتەوە، ئەوەی من هەمە بیڵێم تەنها ئەوەیە پێتان بڵێم بێ برایی چەند ناخۆشە. بەقەدەر هەموو دونیا ئەو برایانەم خۆشدەویست ئێستاش هەموو یادگارییەكانیانم لەبەر چاوە كە چۆن بەیەكەوە یاریمان دەكرد، بەڵام ئیتر وا ئەوەندە قسمەت بوو بەیەكەوە بژین، بەڵام ئێستاو هەتا ئەشمرم هەر بەتەمام بێنەوە بۆ ماڵەوەمان و بەیەكەوە بۆخۆمان بەخۆشی بژین، توخوا كاكەكانم چاوەڕوانتانم زوو وەرنەوە.

خوشكتان /سوعاد حەمەفەرەج

ئێستا/ ئاوەرەی هەولێر.

**بۆ بەڕێز ماجەلال + کاك مەسعود**

سلاوێکی ساردو سڕ سارد تر، لە ئومێدی دایکە ڕەشپۆشەکانی ئەنفال.

بەڕێزان من کەناوم لە خوارەوەدا هاتووە خەڵکی گوندێکی ناحییەی قادر کەرەم مو ئێستا لە ئۆردووگای شۆڕش نیشتەجێم لە خانویەکی قوڕدا لەگەڵ دایکم و دوو خوشکمدا هەمیشە چاو لە دەرگا چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکم و باباو براو ئامۆزاو خزم و کەسوکارەکەم دەکەین، کە بەشەوانی زستان لەبەر تکە هەموو گیانمان دەبێتە قوڕاوەوە و بە هاوینانیش لەگەرما خەریکە بسووتێین، نە تەلەفزیۆنمان هەیە نە پانکە و نە هیچ شتێك کە لە قازانجی ئینساندایە، بەداخەوە دەیڵێم، ئێوە و خزمەکانتان و هەموو کوڕە مەسئولەکان لە خۆشترین ژیاندا دەژین...؟!





ئەی بیرتان چووەوە کەلە ماڵەکانی ئێمە ئەنوستن و ماست و کەرەو هێلکە و چاتان ئەخوارد چ زوو وا لەبیرتان چووەوە. سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتی میللەتێك وانابێت، وەرنە ئێرە (شۆڕش) ببین ژیان چەند سەخیفە.

ئێستا خۆزگە دەخوازم کە کورد نە بومایە... بەڵام سەد ئەسەف. بەهیوای خۆشی ئێوەو.. با ئێمەش چاومان دەرچێ.؟

ئاواز فەرەج حەمەساڵح
لەدایکبووی/١٩٨٦ قادرکەرەم

**کەس ئاگای لە کەسوکاری ئەنفالەکان نییە**

من کەناوم ( لەیلا قادر محەمەد)ە و خەڵکی ناحییەی سەنگاوم ئێستا لە شارۆچکەی چەمچەماڵ دائەنیشم و لە پۆلی دووەمی ناوەندیم و لە خێزانەکەماندا ١٤ کەسمان ئەنفالە و تاوەك و ئێستاش چاوەڕوانی هاتنەوەی کەسوکارەکانمانین، بەداخەوە تاوەکو ئێستا هیچ کەس و لایەنێك هاوکاری ئێمەی نەکردووە کەس ئاگای لە کەسوکاری ئەنفالەکان نییە و هەموو خەریکی گیرفان پڕکردنن. ئەمە کەی ژیانە ئێمەی تیادا ئەژین بە نا شوکری نەبێت. دواکارم مەسئولەکان بە خۆیاندا بچنەوە و بە وەفابن بەرامبەر بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان.

لەگەڵ ڕێزدا...

لەیلا قادر محەمەد

تەمەن ١٤ ساڵ/چەمچەماڵ





**زۆر ناخۆش بوو..**

من کە ناوم (سۆران عومەر حەسەن)ەو ئێستا دانیشتووی شاری سلێمانیم لە بەکرەجۆ دوای ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٨٨ باوکم و برایەکم ئەنفالکران و بەرەو ئۆردوگای نوگرە سەلمانیان بردن، زۆر ناخۆش بوو چونکە ئەوکاتە من تەمەنم ٣ ساڵان بوو دایکم هەر بەکولەمەرگی ئێمەی بەخێو کردووە تاوەك و ئێستا هەر لە ژیانێکی نا خۆشدا ژیان بەسەر دەبەین. هەروەها تاوەکو ئێستا هیچ کەسێك هاوکاری نەکردووین، بەڵام ئامادە نین دەست لە هیچ کەسێك پان بکەینەوە.

داواکارم حکومەتی کوردی قەد ئێمە لەبیر نەکەن و ئاگایان لێمان بێت.

سۆران عومەر حەسەن

بەکرەجۆ

## ئێستاش پێڵاوی ئەوانە بۆیاخ دەکەم

## کە باوکمیان ئەنفالکرد..!

من کە ناوم (هێمن فاروق حەمەلاو)ە ئێستا لە شاری کەرکوك دەژیم و خەریکی کاری پێڵاو بۆیاخکردنم، ئەمە لەکاتێکدا من دایکم و دوو خوشك و برایەکم ئەنفالە، لە ساڵی ١٩٩٠ باوکم ژنی هێناو من و سۆزانی خوشکم کەوتینە لای باوەژن، باوەژنەکەمان ئەوەندە بۆمان خراپ بوو، باوکیشم قسەی ناکرد، ڕۆژنەبوو من و خوشکەکەم بە دزی باوکمانەوە یەك سەعات بۆ دایەگیان و ئەوان نەگریاینایە، بەڵام لەساڵی ١٩٩٧ بوکیشم لەشەڕی یەکێتی و پارتیدا کوژراو دایکەکەی تریشمان شووی کردەوە. ئێستا ئێمە لەماڵی مامەمان دەژینو من خەریکی بۆیاخ کردنم، ئێستاش پێڵاوی ئەوانە بۆیاخ دەکەم کە باوکمیان ئەنفالکرد، خوشکەکەیشم لە مەکتەب دەخوێنێت. ژیانی من ڕۆمانێکە بەڵام کەس نییە بینووسێتەوە.

هێمن فاروق حەمەلاو کەرکوك /٣٠٠٢





## ماسی چەند ئارەزووی ناو ئاو دەکات

## من ئەوەندە ئارەزووی ئامێزی دایە گیان دەکەم

من کەناوم (سۆزان فاروق حەمەلاو)ەو ئێستا لە ماڵی مامم لە کەرکوك دەژین، لە هەموو تەمەنمدا ژیانی خۆشم نەدیوە، بەس لە تەلەفزیۆندا نەبێت. دایکم و ئەوان ئەنفالکران، هەر لێرەوە تا نوگرەسەلمان بە قوربانی شوێن پێیەکەیان بم و خۆزگە منیشیان دەبرد و ئاوا بە بێنازی بەجێیان نەدەهێشتم، ژیان بە بێنازی دایك و باوك وەك ماسی وایە کە بەبێ ئاو بژیت و ماسی چەند ئارەزووی ناو ئاو دەکات من ئەوەندە ئارەزووی باوەش و ئامێزی دایە گیان دەکەم، فرمێسکی چاوم بوون بەدەریا تاوەکو ماسی مەلەی تیا بکات و بەڵام قەت باوەشی دایە نایەتەوە، تا یەك تۆز بایی ئەوەی تیایدا بمرم؟! من ناوسکم ڕەشبووەتەوە ئەوەندە لەگەڵ براکەمدا بە خەیاڵی نوگرەسەلمانەوە بگرین، دایە گیان ناگەمە لات ئەگەرنا دێم بەڵام چاوەڕێمبە لە دونیا دێمە لات بۆ ئەوەی تەنها یەك تۆز لە باوەشتا بم.

سۆزان فاروق حەمەلاو / کەرکوك

## ئاگاتان لە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بێت

من کە ناوم (فەرهاد عاسی ئەحمەد)ەو ئێستا دانیشتوی ناحییەی تەکییەم لە سنووری قەزای چەمچەماڵ، باوکم و دوو براو دوو براژنم ئەنفالکراون، هەر لە منداڵیمەوە تاوەکو ئێستا هەر بە هەژاری ژیان بەسەردەبەین و بەبێ ناز پەروەردە بوومە، بەڕاستی ژیانێکی زۆر ناخۆشمان بەسەر بردووە، چونکە ئێمە لە کاتی گرانییەکەدا بەس سواڵمان نەکردووە، بەس ئاخ سەد ئاخ ئەو کاتانە کوڕی مەسئولەکان هەر بە دەوڵەمەندی دەژیان.

لەکۆتایدا داواکارم ئاگاتان لە کەسوکاری ئەنفالەکان بێت...

فەرهاد عاسی ئەحمەد

لەدایکبووی /١٩٨٣ / تەکیە





## ناتوانم قسە بکەم

من کە ناوم (ئاسۆ حەمە فەرەجە)ەو لە دایکبووی ساڵی(١٩٨٦) لە گوندی قەیتولی سەر بە ناحییەی قادرکەرەم لە دایکبووم ئەو کاتەی باوکم و براو خوشک و هەموو خێزانەکەمان، بەرەو ئەو دونیا ناشیرنەی کە ناوی نوگرە سەلمانە بردیانن، بەڕاستی زۆر ناخۆشە لەگەڵ خۆشەویستێکدا بژیت و دوایی لێکدابڕێیت، بۆیە ئێستاش وا هەستەکەم ئەوان لەگەڵ مندا ئەژین و نایانبینم و ئەحواڵیان نازانم. بیرکردنەوە لەو کاتە و لەم ژیانە خەریکە کوێرم بکات. بۆیە ناتوانم قسە بکەم.

زۆر سوپاس

ئاسۆ حەمە فەرەج

لە دایکبووی/ ١٩٨٦/قەیتول

## باوکە ڕوحەکەم سڵاو بۆت

من کە ناوم (زارا قادر میرخان)ەو لە دایکبووی ساڵی ( ١٩٨٧) لەدایکبووم و ئەو کاتەی باوە گیان و مامەکانم ئەنفالکران من تەمەنم یەك ساڵان بوو. بەحاڵ دێتەوە بیرم ڕوخساری باوکم، ئێستا ئەچمە هەر شوێنێك باوکێك ئەبینم وا ئەزانم ڕوخساری باوکمە، کەچی نازەکەی وەك و هی باوکم نییە. بێباوکی وەك و مردن ژیان وایە، سەلام دەکەم لە باوکە خۆشەویستەکەم، من و دایکم هەر لە یادمانە و قەد لە بیری ناکەین باوکە ڕوحەکەم.
سڵاو بۆت لە هەرکوێ بیت.

زارا قادر میرخان
لە دایکبووی /١٩٨٧ / شۆڕش





## خوا عافویان بکات!

من کە ناوم ( جەمیل بیلال)ەو خەڵکی تۆبزاوام و ئێستاش هەر لەوێ دادەنیشم، ئەو کاتەی ئەنفالکە کرا من منداڵبووم بە بیرم دێت ئەو هەموو مونشەئەیە هاتن بۆ ئێرەو باوك براکانیشمانیان برد و ووتیان زوو دەیانهێنینەوە ئێمەش هەر چاوەڕوان بووین و تاوەکو ئێستاش هەر چاوەڕوانین، چوزانین ئەوان دەبەن بۆ عەرعەر و لەوێ دەیان کەنە ژێر خۆڵەوە، ئەگەر دەمانزانی وای لێدێت تا هەموومان دەمردین نەماندەهێشت بیانبەن تازە ڕۆیشت خوا عافویان بکات.

جەمیل بیلال خەڵەف
موالید/١٩٨٤/تۆبزاوا

**من و دایکم و خوشکەکانمان خوێندەواریمان نییە !**

من کە ناوم ( هیمداد عەلی خدر)ەو خەڵکی دووبزم موالیدی ١٩٨٥ م و ئێستا خەریکی کرێکاریم ئەو ناخۆشییەی من دیومە مەگەر بەس خوا بزانێت، ئەو ژیانەی ئێمە چۆن بووە، بەڕاستی هەتا ئێستا هەر بە نا خۆشی ژیاوین و یەك تۆز خۆشیمان نەدیوە.

من و دایکم و خوشکەکانمان هیچمان خوێندەواریمان نییە، چونکە نەمانخوێندووە. هەموو سەبەبەکەیش سەدامی سەگبابە، بۆیە وا حاڵمان گەیشتە ئەمڕۆ.

هیمداد عەلی خدر

موالید/١٩٨٤/دووبز





**تەنها هیوام ئەوەیە بیانبینمەوە**

من کە ناوم (تریفە عبدالرحمان حسن)ەو لە ساڵی ١٩٨٢ لە سنووری ناحییەی سەنگاو لە دایکبووم و ئێستا لە ناحییەی شۆڕش دائەنیشم، باوکم و چوار خوشك و برام ئەنفالە تەنها هیوام ئەوەیە بیانبینمەوە و بەس.

تریفە عبدالرحمان حسن

لە دایکبووی ١٩٨٢/سەنگاو

## پۆلی چواری گشتیم

من کە ناوم (نیان وادی علی)ەو تەمەنم ٤ سالان بوو باوکم ئەنفالکراوە تا ئیستا هەر بە تەمای گەڕانەوە و بینینی باوکم واش دەر ئەکەوێ ئەو ئاواتە زۆر زەحمەتە بێتە دی ئیستا قوتابی پۆلی چواری گشتیم دیارە گەیشتنم بەو مەرحەلە تووشی چەندەها ئازاری کردووم و بەڵێنم داوە بەردەوام بم لە کۆشش کردن و بەردەوام بوون لە خوێندن تا بە ئامانج بگەم.

نیان وادی عەلی

لەدایکبوی ١٩٨٥/لە گوندی خدر ڕێحان



ئەو نامانەی بە فرمێسک
نووسراون

## نامەیەك بۆ باوکی وون بووم..

کوڕە یەك ساڵانەکەت (سیوان)ت بەجێهێشتوو هەر بە تەمای بینینی روخساری تۆم و بەژن و باڵاکەت، دیارە قەدەر ئاواتەکەم بۆ ژێر گڵ ئەبات.. بابە گیان ئاگادارت ئەکەم دوای تۆ بە هەموو مەرگەساتەکانەوە ئێمەی بێ ناز ونیعمەت قوتابی مەرحەلە جۆرا و جۆرەکانین وە من لە پۆلی سێی ناوەندیم ئاواتم گەڕانەوەتە ئەگەر بێ دەست و قاچیش بێت....

سیوان وادی علی

لەدایکبووی/ ١٩٨٧ گوندی خدر ڕێحان

دانیشتووی/شۆڕش/قادر کەرەم

## سەد مەخابن

من کە ناوم (محەمـەد فـاتح حـاجی محەمـەد)ەو خـەڵکی گونـدی خدر ڕێحانی سەر بـە ناحییـەی قادرکـەرەم لـە دایکبـووم، ناوێـك فێربووین کە پێی ئەڵێن ئەنفال کە باوکی جوانەمەرگم تیـا چـوو، بەڵێ ئێمەی سەرگەردان و مـاڵوێران ئاواتمـان ئـەوە بـوو کەسێك بە گەرمی بماندوێنی بەڵام سەد مەخابن...

محەمەد فاتیح حاجی محەمەد

لەدایکبووی / ١٩٧٨ / گوندی خدر ڕێحان

قوتابی پۆلی شەشی ئامادەیی/ شۆڕش





## ئەبێت ئەو ئاواتە بێتەدی؟

منی پێنج ساڵان کاتی یاری و گەمـە کـردنم بـوو لـەناکاو دوژمـنی ئینسانییەت هەڵی کوتایە سەرمان بـاوك و ئـاموزا و کەسـوکارم.. لەگەڵ ماڵەکانیان بە تالان برد.. ئای ئاواتەکـەم کـە جـارێکی تـر سەر بخەمە سەر دڵی باوکم و بۆنی جلە عارەقاوییـەکانی.. بکـەم و تەماشای چاوە شینەکانی بکەم. ئەبێ ئەو ئاواتە بیتە دی؟!

عوسمان فاتیحی حاجی محەمەد

قوتابی پۆلی پێنجی ئامادەیی/شۆڕش

لەدایکبووی/١٩٨٣ / گوندی خدر ڕێحان/ قادرکەرەم

## نامەیەك بۆ پۆلە ئەنفالكراوەكانم

باوەژنە خۆشەویستەكەم و برا و خوشكە ئازیزەكانم یازدە سەر خێزانە ئەنفالكراوەكەم من و براو خوشكەكانتان چاوەڕوانی ئێوەین پێتان شاد بینەوە بەڵام زۆر زەحمەتە. ئایا ئەزانن باوكمان ئاواتی بینینەوەی ئێوەی بردە ژێر گڵەوە.

حەسەن بەهجەت قادر سەرهەنگ

لەدایكبووی/ ١٩٨٠ / لەك قادر سەرهەنگ





## نامەیەك بۆ باوكم

كاتێك هەندێ فامم كردەوە گوێم لێ بوو منداڵان ئەڵێن باوە بەڵام ئەو وشەیە من بە كارم نەهێناوە پرسیارم كرد ئەوە بۆ منیش باوكم نییە لە وەڵامدا دایكم پێی وتم تۆ باوكت ئەنفالكراوە، ئاخ ئەنفال.

مازەندەران حەسیب عومەر

لەدایكبووی/ ١٩٨٨ گوندی خدر ڕێحان

قوتابی پۆلی دووی ناوەندی/ شۆڕش

**ئای لە بێ باوکی**

قوتابی پۆلی چواری ناوەندی ولەگەل قوتابخانەدا هەوڵ وکۆشش بۆ ژیان لەگەڵ دایکی مێرد ئەنفالکراو بەڵێ من پێنج ساڵان بوم شالاوی ئەنفالە بەد ناوەکەی حزبی بەعسی فاشست باوکم وچەندەها خاڵ ومام و ئامۆزامی لە ناو برد منی کورە گەورەی باوکم و براگەورەی دوو خوشك وبراکەم ئێستا بێ باوك دەژین.

رەمەزان حەسیب عومەر

قوتابی پۆلی چواری ناوەندی/ شۆڕش

لەدایکبووی/ ١٩٨٣ /کانی عبید





**ئاواتی دوو کچە دووانەی باوك نەدیوو**

لە دڵەوە کە گەورە بووین هەموو ئێوارەیەك وەکو منداڵەکانی ناو تۆز و خۆڵی گەڕەکەکەمان لە چاوەڕوانی باوکماندابووین، لەگەڵ یەکدا دەکەوتینە قسە من دەموت باوکم پیاوێکی ڕەشتاڵەی بالابەرزی قژ ڕەشە، بەڵام سەیران دەیوت دایکم پێمی وتووە باوکت کتومت شێوەی وەك تۆ بوو. ئەسمەرێکی تۆخ بەڵام ئازا و گورج و گۆڵ. بەڕاستی ئێستا کە دەتوانم ڕەنگەکان بناسم زۆر حەزدەکەم ڕوخساری باوکم ببینم...

باخان و سەیران کچانی غازی چەلال

لە دایکبووانی ١٩٨٨

سلێمانی

**نامەیەك بۆ باوكم**

کاتێك قسەو گاڵتە و پێکەنین ئەکەم هەموو کەسوکار و خزم و خوێشم ئەڵێن هەرچی رەوشت و باڵاو هەیکەلت هەیە هەر بە باوکت ئەکات، بەڵام ئەبێ خواوەند ئەوەم بۆ بکات و چاوم بە باوکم بکەوێت و قسەکانی ئەوان بسەلمێنرێت؟! زۆر زەحمەتە ئەو ئاواتە بۆ ژێر گڵ ئەچێت تاریکی مانگ سەر لە ئێوارە دیارە..

هێرش عومەر کەریم خان
لەدایکبووی/ ١٩٨٨ گوندی عبدالله هۆری



ئەو نامانەی بە فرمێسک
نووسراون

**هاواری باوك ئەنفالكراوێك**

من کە شێرکۆ فاتح سەعید پاش شەش مانگ دوای ئەنفالکردنی باوکم هاتوومەتە دونیاوە، لەو منداڵانە ئەپرسم کە باوکیان هەیە کە تام و چێژی باوکایەتی چۆنە، خۆزگە منیش دەمتوانی بۆ ساتێك لەژێر میهری ئەو زاتەدا دەژیام کە بۆ خەڵکی ناوی باوکە و بۆ منیش ناتوانم تەنانەت چێژ لە خودی وشەکەش ببینم..

شێرکۆ فاتیح سەعید
لەدایکبوی ١٩٨٨ / شۆرش
قوتابی پۆلی دووی ناوەندی
لە شاری ئاڵتونی ڕەش _ ئاوارەکان

## بۆنی باوك چۆنە؟

من كە ناوم (حەیدەر نازم ئەحمەد)ە خەڵكی گوندی هەرێنەی سەر بە ناحییەی قادر كەرەمم و ئێستا لە ناحییەی شۆڕش دەژیم، من كە باوكم ئەنفالكرا تەمەنم ٣ ساڵان بووە. ئێستا بۆنی باوكم لەبیرچووەتەوە. نازانم بۆنی باوكایەتی چۆنە. توخوا خەڵكینە ئەی ئەوانەی باوكتان ماوە پێم بڵێن بۆنی باوكایەتی چۆنە، هیچ گوڵێك بەقەدەر بۆنی باوك خۆشە.

حەیدەر نازم ئەحمەد
١٩٨٥/هەرێنە



ئەو نامانەی بە فرمێسک
نووسراون

## نامەیەك بۆ باوكی تاقانەم

باوكە تاقانەكەی باپیرەم، من نەدیوەكەم ئەنفالكراوەكەی پێش لەدایكبوونم منی تاقانەی تۆم من و سێ نەنكەكەم و باپیرە پیرەكەت و دایكم چاوەڕوانی بینینی تۆین تۆ بڵێی خودای مهرەبان ئەوەمان لەگەڵ بكا؟ نا ئەبێ ئەو خەونە ببەینە ژێر گڵەوە.

ئاریان ئەحمەد محەمەد جەلال
لەدایكبووی/ ١٩٨٨ گوندی گەراوی
قوتابی پۆلی چواری ناوەندی/شۆڕش

## پرسیارێك لە باوكی خۆم

تۆ ناومت نەناوە دەشتە و ناویشم دەشتەیە ئایا ئەزانی بۆ ناوم وایە؟ ئەو پرسیارە تۆ ناتوانی جوابی بدەیتەوە جوابی لای خۆمە بەڵێ لە كاتی ئەنفالی بەدناودا كاتێك تۆ ئەنفالكرای دایك و كەسوكار هەڵهاتن بۆ كەلۆز و هەردەكەی زەنگەنە من لە دایك ئەبم لە یەكێ لە كەلۆزەكاندا و بە شووشە ناوكم ئەبڕن و ناویشم ئەنەن دەشتە بۆ ئاگاداریت.

دەشتە ڕەشید عەلی
لەدایكبووی/ ١٩٨٨ گۆلباخی سەروو
قوتابی پۆلی دووی ناوەندی/شۆڕش





## نامەیەك بۆ تۆی ئازیز بابە گیان

یەك ساڵان بووم كاتێك ئەنفالە شوومەكە هات و ئێوەی ئازیزی و خۆشەویستی لە ئێمە سەند تا ئێستا بێ سەر و شوێنن ئێمەش هەر بە تەمای بینینی ئێوە و شادبین پێتان هەرچەندە ئەوە مەحاڵە بەڵام كورد ئەڵێ (كوێر هەتا ئەمرێ هەر بە تەمای چاوی ساغ)ە.

هەمزە نازم ئەحمد
لەدایكبووی/١٩٨٧ / گوندی هەڕێنە
قوتابی پۆلی سێی ناوەندی/ بەكرەجۆ

## نامەیەك بۆ باوكی بالاّ بەرزم

منی بەجێماو لە دوای تۆ و بێ دایككرام، ئای چەند ناخۆشە و خەڵكی خۆمان بە چ چاوێك تەماشای منالّی بێ دایك و باوك دەكەن، خۆزگە منیش وەكو تۆ ئەنفال بكرایەم ئەو هەموو نارەحەتییەم نە بینیایا. خۆزگەش لە كونێكەوە چاوت لە ژیانی من و ئەو منالاّنە بوایە كە بێ دایك و باوكن.

جەمیل بورهان حەسەن عەلی
لەدایكبووی/ ١٩٨٥ گوندی خدر ڕێحان





## نامەیەك بۆ باوكی ون بوومان

ئێمەی كوڕان و كچانی تۆ، پاش بێ سەر و شوێنكردنی تۆ و مامەكانمان و كەسوكارە خۆشەویستەكانمان هەرچەندە ئێمە گەورەكەمان توانای پەیداكردنی تەنانەت یەك پەنجایی نەبوو لەو كاتە سەغلەتییەدا دایكی بێ ڕەحم و بەزەیمان ئێمەی بە جێهێڵا ئێمەش سەرگەردان و ماڵوێران كەوتینە ماڵە خزمەكان هەر ڕۆژێ لای خزمێك: بەڵێ ئێستا وا پێ ئەگەین سوپاس بۆ یەزدان و خزمان پێویستمان تەنها بە شادبوونە بەتۆ، بەخوا ئەوەش زۆر زۆر زەحمەتە..

كوڕ و كچەكانت
دەریا ڕەحیم حاجی عەلی / ١٩٨٥
تەنیا ڕەحیم حاجی عەلی/ ١٩٨٦
گەشانە ڕەحیم حاجی عەلی/ ١٩٨٧
غەمگین ڕەحیم حاجی عەلی/ ١٩٨٩
گوندی خدر ڕێحان/ قادركەرەم

## ئەنفالەکان خۆرێکی ئاوا نەبوون

من کە ناوم (دیاری نامق کەریم)ە و خوێندکاری قۆناغی ئامادەییم لە ئامادەیی شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە شۆڕش، من وەکو تاکێك کە نوقومبووی واقیعی ئێستای ژیانی ئەو خێزانانەم، باری ژیانیان تەنگەشەیەکی زۆر گەورە شڵەژاوییەکی دەروونی بەهێز پێك ئەهێنێ. دۆزینەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان سەلماندنی نا زیندویی گیان و جەستەی ئەنفالکراوەکانە. ئەنفالەکان خۆرێکی ئاوا نەبوون، بۆیە داواکارم مۆنۆمێنتێك بۆ ئەنفال بکرێت سەدام و دار و دەستەکەی دادگایی بکرێن و ئەنفال بەنێو دەوڵەتی بکرێت.

دیاری نامیق کەریم
لەدایکبووی ١٩٨٤
شۆڕش/چەمچەماڵ





## لە وێنەکەی باوکمەوە
## سەیری هەموو باوکەکانی تر دەکەم

من ناوم (هێمن حەمید حەسەن)ە خوێندکاری پۆلی پێنجەمی ئامادەییم لە بەشی وێژەیی، شاڵاوی ئەنفال یەکێك بوو لە دڕندانەترین کاری سەدام و سوپا چەپەڵەکەی کە دەرهەق بە گەلی کورد ئەنجامیاندا، ئەم کارەساتە کاریگەری زۆری لەسەر خەڵك بەجێهێشتووە، بە تایبەتیش ڕووخانی ئابووری کوردستان و ڕووخاندنی مەکتەبەکان، من باوکی خۆم نەبینیوە تەنها بە وێنە نەبێت، چونکە من ئەوکاتە تەمەنم سێ ساڵان بووە.. لە وێنەکەی باوکمەوە سەیری هەموو باوکەکانی تر دەکەم.

هێمن حەمید حەسەن
لەدایکبووی/١٩٨٥
شۆڕش/چەمچەماڵ

## باوکی خۆم نەبینیوە

من کە ناوم (هاوکار جەمیل جیهان)ە و دانیشتووی ناحیەی شۆڕش گەڕەکی قادرکەرەمم، لە ١٩٨٤/٤/١ باوکم بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە رژێمی بەعس لە گوندەکەمان. گوندی شێخ حەمید) رمانی گواست و باوکمی ئەنفال کردوو هەرچی ماڵ و حاڵمان هەبوو هەمووی بە تاڵان برد. ئێستا خوێندکارم لە ناوەندی هێمن، باوکی خۆم نەبینیوە، پاش خۆناسینەوەم کەوتمە چاوەڕوانی باوکم بە ئومێد بووم پێی شادبم بەڵام پاش پرۆسەی ئازادی عێراق ئەو ئومێدەیشم نەما، چونکە کاتێك من ئەبینم بە شۆفڵ چۆن ئەو کەلەسەر و ئێسك و پروسکە ئازاریاندام.

هاوکار جەمیل جیهان
لەدایکبووی/١٩٨٤/٤/١
شۆڕش/چەمچەماڵ





## نائومێدم لە هاتنەوەی باوکم

من ناوم (جەبارحسێن محەمەد)ە لە ساڵی ١٩٨٧ لە گوندی گۆلەمە لە دایکبووم من وەك و پاشماوەی ئەنفال لەڕاستیدا ئەنفال کارەساتێکی گەورەبوو دژی گەلی کورد بۆ لەناوبردنی نەتەوەیی کورد لەلایەن رژێمی بەعسی دیکتاتۆرەوە.. ئەگەر باسی ئەوە بکەم کەمن وەك و کوڕە ئەنفالێك کاریگەری بێ باوکی بەسەر منەوە وای لەمن کرد کە هەموو هیوا و خۆزگەکانم لە دەست بدەم لەو کاتەوەی من هەستم دەکرد کە من مرۆڤم و ژیان هەیە و ژیان چییە من چاوەڕوانم کرد کە بە باوکم شادببمەوە. بەڵام نەمتوانی ئەو خۆزگە و هیوایەم بێتەدی چونکە نائومێد بووم لە هاتنەوەی باوکم.

جەبار حسێن محەمەد
لەساڵی ١٩٨٧ لە دایکبووم

## نامەیەك بۆ باوكی كرێكارم

منی (كاروان هیوا احمد) بەڵام كاروانێكم بە هیوایەك ئەویش هیوای باوكمە كاتێك لەدایكبووم لە مانگی ٧/١٩٨٦ لە گوندی قەیتوول تەمەنم ئەوە نەبوو كە ئێستا روخساری باوكمم لەبیر بێ زۆر ئاواتم بینینی روخسار و قەد و باڵای باوكمە بەڵام ئەو خەونە زۆر زۆر زەحمەتە خواوەندی گەورە ئاواتەكەمان بهێنیتە دی.

كاروان هیوا ئەحمەد
دانیشتووی / شۆڕش – قادركەرەمییەكان
قوتابی پۆلی سێ یەمی ناوەندی



ئەو نامانەی بە فرمێسک
نووسراون

## پۆپلەیەك بۆ باوكە ئەنفالەكەم

چاوەڕوانم بابێ كەس بم بەبێ نازیش بتلێمەوە
دوای چرای ئازادی نیشتمان لەگەڵ باوكم شاد ئەبمەوە
چرای ئازادی بەمن چی خۆ من هێشتا چاوەڕوانم
ئاسمانی گەرمیانم ڕەش هەڵهات و سامالْ نادات چاوەكانم
خەڵكی هەموو رۆژێكیان چەژنە ئێمەش بیرمان لای تۆیە
پشوو چەژنی ئێمە شین و هاوارە بۆتۆ ڕۆڕۆیە
دوای قوتابخانە و خوێندنم لەسەر تەختەی پۆلەكەما
دەرسێك ئەخوێنم بۆ ئەنفال چونكە یاسایش بیر نەما

ڕێكەوت جەوهەر
لەدایكبووی ١٩٨٦
گوندی عەلی مستەفا

**ئەنفال تەنها ١٤/٤ نییە**

من ناوم ( ڕێکەوت جەوهەر)ە و لە ساڵی ١٩٨٧ لە گوندی عەلی مستەفا جەباری لە دایکبووم، من وەك و هەر یەکێك لە بنەماڵەکانی گەرمیان باوکم بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتووە، من لەبەر بێباوکی نەمتوانیوە درێژە بە خوێندن بدەم چونکە ئەو زروفە و گرانییەکەی کوردستانی گرتەوە، بێ باوکی ڕێکەوتی کرد بە مرۆڤی چاوەڕوانی، ئەنفال تەنها ١٤/٤ نییە بەڵکو بەس لای مەسئولەکان وایە، لای ئێمە هەموو ڕۆژێك ئەنفالە..

**هەڵکەوت جەوهەر**
لە دایکبووی ١٩٨٦
گوندی عەلی مستەفا



ئەونامانەی بەفرمێسک
نووسراون

**ئەبێت هەر ئاوها بژین**

من (سەنگەر عەسکەر محەمەد) خەڵکی گوندی (قەڵای مکایل)م کاتێك کە ڕژێم هێرشی هێنا بۆ گەرمیان گوندەکەی ئێمەش بەر شاڵاوی ئە نفال کەوت، بنەماڵەکەی منیش بە تەواوی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت. باوکم ئەنفالکراوە ئێستا لە شۆڕش دەژیم لەگەڵ سێ خوشکم لە ماڵی باپیرم دەژین، چونکە دایکم مردووە، منی بێ باوك و بێ دایك ئەبێت هەر ئاوها بژین.

سەنگەر عەسکەر محەمەد
خەڵکی گوندی قەڵای مکایل

## ئەو هیوایەش بەسەرچوو

ناوم (محەمەد جبار محەمەد) لەساڵی ١٩٨٦ لە گوندی بەگزادە لەدایکبووم من پاشماوەی کارەساتێکم ئەبێت مێژوو هەتا هەتایە نابێت لەیادی بکات، چونکە شاڵاوی ئەنفال بوو بە سیمبولێك بۆ گەلی کورد و بوو بە خاڵێکی رەش بەنێو چاوانی سەرانی رژێمی بەعسی فاشست. ئەنفال ئەوە بو (١٨٢) هەزار کوردی بێ دیفاعی بێ سەر و شوێن کرد هیوامان گەڕانەوەی باوکمان بوو دوای ڕووخانی رژێم بەڵام ئەو هیوایەش بەسەرچوو.

محەمەد جەبار محەمەد

دانیشتووی / شۆڕش – قادر کەرەم





## نازانم بۆچی؟!

ناوم (ئاکۆخالید) لە ساڵی ١٩٨٦ لە گوندی قەشقەی سەر بە ناحییەی قادرکەرەم لەدایکبووم، گوندی قەشقە یەکێکە لەو گوندانەی کە ئەنفال زۆر بەتەواوی گرتووەتەوە زیاتر لە (٣٠٠) ماڵی ئەنفالی هەیە بێ باوکی واتا ژیانێك کە خۆمیش نازانم بۆچی بۆی ئەژیم، بڕوخێ سەدامی درندە و دار و دەستەکەی حیزبی بەعس.

ئاکۆخالید

١٩٨٦ لە دایکبووم

**نامەیەك لە هەردەی بنەکەوە**

**بۆ باوکی ون بووم**

خۆزگە رەنگ و رووخسارتم بدیبایە باوە گیان کاتێك وشەی ئەنفالم بیست بەدایکم وت ئەنفال چییە وتی ئەنفال ئەو کردارە پیسەی بەعسە کە باوکی تۆ و( ١٨١٩٩٩ ) کەسی بێ سەر و شوێن کرد کاتێك تۆ تەمەنت (٨) مانگ بوو، ئایا ئەبێ نازی باوك چۆن بێ ئەی خودای گەورە چۆن بێ بەشت کردم لەو نازە؟!

**هاوکار** محەمەد عەزیز
لەدایکبووی/ ١٩٨٧ گوندی بنەکەی قادرکەرەم
دانیشتووی شۆڕش/ پۆلی سێیەمی ناوەندی





**١٩٨٨ ناخۆشترین ساڵە بەلامەوە**

ڕیسوابوون و لەناوچوون بۆ (سەدام حسێن) کە کارەساتێکی نامرۆڤانەی دژ بە گەلی کورد ئەنجامدا و چەندان کوڕ و لاو و منداڵ و ژن و پیاوی بێ سەر و شوێن کرد و چەندان گوندی وێرانکرد. ساڵی ١٩٨٨ ناخۆشترین ساڵە بەلامەوە، چونکە لەو کاتەوە من دایك و باوکی خۆم نەدیوە، منیش وەك منداڵێکی ئەنفال کە باوکی خۆم نەدیوە، بەبێ باوکی گەورەبووم و خراوەمەتە بەر خوێندن، کاتێك لە قوتابخانە بووم کەسێکی وا نەبوو کە نازەکانی دڵم ببات بەڕێوە پێداویستییەکانم بۆ بکڕێ، داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەبوون و نەبوونی باوکمان بەدەستەوە بدات ماوە یان نا، کە ئێستا لە قۆناغی ناوەندیم تائێستا بەبێ باوکی گەورەبوومە، داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵنیامان بکات و چاوەڕوانی باوکی خۆمان نەکەین.

سروە یاسین شیرین
١٥ ساڵ

## من باوکی خۆم نەدیووە!

سەرەتا:

ڕیسوابوون و لەناوچوون بۆ هەموو بەعس و دوژمنێکی خوانەناس و دڕندانە هەستا بەوکارە نامرۆڤانەیە وەك بارقی گۆڕبەگۆڕ کە لە ساڵی ١٩٨٨ ئەو هەموو کوردە بێ تاوانەیان گرت و ئەو هەموو گوندەیان وێران کرد و نەهێشت.

من باوکی خۆم نەدیوە و باوکی خۆمم بەفکر نایەت، تەنها ئەوەندە نەبێت کە دەزانم باوکم نییە.

کاتێك تەمەنم شەش ساڵان بوو چوومەتە بەرخوێندن و بەبێ ئەوەی پێداویستییەکانم بۆدابین بکرێ. ئێستا وا لەناوەندیم و دایکم مەسروفم دەکات و داواکارم لە کوردستانی خۆشەویست کە ئاگادارمان بکەن بەمان یان نەمان. هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو نیشتمانپەروەرێك دەخوازم ئیتر تووشی هیچ کارێکی وا نەبێت.

لەمیعە سەلام باباعەلی

پۆلی سێیەمی ناوەندی

تەمەن ١٥ ساڵ





**کوێر تا بمرێ بەتەمای چاوە**

**منیش تا بمرم هەر ئەڵێم باوە**

من وەك منداڵێکی ئەنفال قسە دەکەم. لە ساڵی ١٩٨٧ لەدایکبووم، باوکم نەدیوە، ساڵی ١٩٨٨ شاڵاوی ئەنفال ڕووی کردە دێیەکەمان، باوکم و سێ مامم و خاڵێکم بەردەستی حکومەت کەوتن و جگە لەوەی کە هەموو ماڵ و سامانمان ڕۆیشت و تائێستا هیچ شتێ بۆ ئەنفال نەکراوە و ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و دایکم بەخێوی کردووین و بێ باوك گەیاندومانێتییە ئەم تەمەنە، هیوادارم بە بوون و نەبوون هەواڵێکی ئەو ئەنفالانەمان پێ بڵێن.

چرۆ سابیر ئەحمەد

١٥ ساڵ

**دوو مانگ دوای ئەنفالەکە لەدایکبووم**

بەڕێزان من ناوم (نەجات عومەر ڕەشید)ە، دانیشتووی گوندی قیرچەی سەر بەناحییەی (قادرکەرەم)، ئەوکاتەی شالاَوی ئەنفالەکان دەستی پێکرد من لە سکی دایکمدا بووم لە ١٩٨٨/١٢/٥ دوو مانگ دوای ئەنفالەکە لەدایکبووم، من باوکم ئەنفالە بەدەستی جەللادەکانی بەعس وەك بارق و عەلی حەسەن مەجید، باوکم ئەوکاتە مەلای مزگەوتی گوندی قیرچە بوو. بۆ زانیاری زیاتریش پاش چەند ساڵێك شووی کرد و بەجێیهێشتم، گیانێکم بە مام بوو، تووشی نەخۆشی بووم دەرزییەکیان لێدام بەمەبەستی چارەسەرکردن هەردوو قاچم لەکار کەوت و ئێستا بە پایسکیل دەڕۆم و بەدەست پاڵی پێوەدەنێم. ئێستا وەك منداڵێکی ئەنفال داواکارم حکومەتی هەرێم و بەرپرسان چاویان لێمان بێت. لەکۆتاییدا هیوادارم جارێکیتر نەکەوینە بەردەستی حکومەتی بەعس و سوپاس بۆ هەموو لایەکتان.

نەجات عومەر ڕەشید / ١٤ ساڵ





**خۆشەویستانم**

خۆشەویستانم، ئەی ئەو کەسانەی بەنازی دایك و باوك و لە ئامێزی گەرم و گوڕیاندا ژیاون، من کە ناوم ( نیگار وادی عەلی)یە، خەڵکی گەرمیانم لە ناحییەی قادرکەرەم گوندی (خدر ڕێحان)، لە ١٩٨٨/٤/١٢دا ڕژێمی عیراق بەسوپایەکی گەورەوە کە بریتی بوو لە هەزاران سەرباز و چەندین تانك و زرێپۆش، چەند جارێك هێرشی هێنایە سەر ناوچەکەمان و هێرشە دڕندانەکەیان لە هەموو لایەکەوە ئەنجامدرا، هەرچی دێهاتەکان هەبوو هەموویان خاپوور کرد، ئەوانەی بەردەستی ڕژێم کەوتن لەماڵ وحاڵ هەمووی تالاَنکراو خەڵکی ناوچەکەش بەدیل گیران و بران بۆ تۆپزاوا لەوێ زۆر لەگەنج و ژن و منداڵ بێ سەر و شوێن کران، تائێستاش چارەنووسیان نادیارە، هەروەها پیاو و ژنی بەساڵاچووش ڕەوانەی بەندینخانەی نوگرەسەلمان کران، نزیکەی (٦)مانگ لەوێ بەندکران، خەڵکێکی زۆر لەوێ مردن بەهۆی کەمی و خراپی خواردنەوە، پاشان ئەوەی لە لادێ ڕزگاریبوو گەڕایەوە بۆ شار، باوکم یەکێك بوو لەو ئەنفالکراوانەی کە تا ئێستا چارەنووسی دیار نییە.

نیگار وادی عەلی پۆلی یەکەم

**ڕژێمی عێراق گوندەکەمانی ڕووخاند**

شالاوەکانی ئەنفال یەکێك بوون لەو کارە دڕندانەی ڕژێمی بەعس دژ بە خەڵکی بێ تاوانی کورد ئەنجامیدا، من کە ناوم (مژدە عەلی محەمەد )ە، لە ساڵی ١٩٨٨ لەدایکبووم، (٥)مانگ دوای بێسەروشوێن کردنی باوکم چاوم بەدنیا هەڵهێناوە، ئەوکاتەی دەروون ڕەشەکان و خوێن مژەکانی ڕژێمی عێراق دەستیان بە هێرشکرد بۆ ناوچەکانی کوردستان و هەموو گوندەکانیان وێرانکرد.

ئێمە لەگوندی (قەڵای مکایل)بووین لە ناوچەی شێخان کە سەر بە ناوچەی ( قادرکەرەم )ە، ئەنفال دەستی پێکرد، ڕژێمی عێراق گوندەکەمانی ڕووخاند، ماڵ و حاڵی بەتاڵان بردین، مەنجەنیقێکی بۆ خولقاندین، ئەوکاتە ئێمە چووین بۆ قادرکەرەم ئاگامان لە ماڵ و سەروەتمان نەما هەر هەوڵی ئەوەمان بوو کە نەگیرێین و ئیتر ڕژێمی عیراق دەستیکرد بەگرتنی خەڵکی کوردستان، بە هەزارەها منداڵی بێ دایك و باوك کرد، زیاد لە (١٨٢) هەزار کوردی بێسەر و شوێن کرد، باوکیشم گیرا و بردیان بۆ





نوگرەسەلمان، ئێمەشیان ڕەوانەی ئۆردوگای شۆڕش کرد، تا ماوەیەك لەژێر خێمەیەکداماینەوە و هەر چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد کەی باوکم دێتەوە لامان،، لێرەوە لە باوکم دابڕاین هەر چاوەڕوانی ئەوەمان بوو جارێکی تر باوکم بێتەوە، کەچی تائێستا ئەو ئاواتەمان نەهاتووەتە دی، باوکم هەر بێ سەر و شوێنە، ئێستا هەر لە ئۆردوگای شۆڕش نیشتەجێین، بەم کارە حکومەتی بەعس کارێکی گەورەی خستە سەر تاوانە نامرۆڤانەکانی تری کە دەرهەق بە میللەتی کورد و خاکەکەی کردبووی، هەروەها برین و ناسۆری ئەو شالاوە نامرۆڤانەیە تەنیا لە سەرنگومکردنی (١٨٢)هەزار مرۆڤی کورددا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو لەو شوێنەوارانەدا بەدیدەکرێت کە پاشماوەی ئەوانن ئەوەتا هەزاران منالی وەکومن بێ نازی باوك کرا و هەزاران منالی تر لە چاوەڕوانیدا گیان لەدەست دەدا و دوو ئەوەندەی تریش لە ڕەزالەتدا دەژین.

مژدە عەلی محەمەد
لەدایکبووی ١٩٨٨

**ئەنفالەكان ماون**

ریسوابوون و لەناوچوون بۆ هەموو بەعس و دوژمنێكی خوانەناس كە هەستا بەو كارە نامرۆڤانەیە وەك (بارق)ی گۆڕبەگۆڕ، كە ساڵی ١٩٨٨ ئەو كارەساتە گەورەیەی بەسەركورددا هێنا و ئەو هەموو گوندانەی ڕووخاند و بەیەك جاری كوردی كزكرد.

من وەكو منالێكی باوك ئەنفال نە باوكی خۆمم دیوە و نە هیچیشم لەبیرە، تەنها ئەوەندەنەبێت كە بۆم باسكراوە، من تەمەنم شەش ساڵان بوو چومەتە بەرخوێندن و بەبێ باوك، دایكم بەخێوی كردووم و تاكو ئێستا كە لە پۆلی یەكی ناوەندیم، من وەكو منالێكی ئەنفال داوام لە حكومەتی كوردستان ئەوەیە كەوا بەمان و نەمان ئاگادارمان بكەنەوە و گەر ماون با بەتەما بین و گەر نەماون با دڵنیابین.

جاسم سەلاح باباعەلی

١٤ ساڵ





**بمرێت حكومەتی فاشی بەغدا**

پاش ڕێز و سڵاو، من باوكم و دوو خاڵم و دوو مامم بەر شاڵاوە دڕندانەكەی ئەنفال كەوتوون، كاتێك ئەم دەستە ڕەشە هاتونەتە گوندەكەی ئێمە، بەشێوەیەكی زۆر نامرۆڤانە دەستیان كرد بە كاول كردن و بێزاركردنی گوندەكەمان، ئێمە منال بووین بەبیرمان دێت هەرچی منال و ئافرەت بوو بەو شەوە بەرەو قادركەرەم بەرێكەوت، بەڵام پیاوەكان مانەوە لە گوندەكە، بۆ بەیانی پیاوەكان هەموویان سواری زیلەكەی حكومەتی فاشی بەغدا كران و بەرێكران، ئیتر لەو كاتەوە ئێمە چاو لە ڕێگاین بۆ گەڕانەوەیان، لای هەموو كەسێ ڕوونە و ئاشكرایە ئەم كارەساتە لەیادنەچووە بەدەستی ڕژێمی فاشی هیچوپووچی بەغدا بوو، ئێمە كاتێك لە قادركەرەم بووین حاڵمان زۆرخراپ بوو چونكە ئێمە بەتەنها خۆمان دەرچووین و ماڵ و حاڵمان بەجێهێشت هەمووی كاولكرا بەسەریەكدا، كاتێ هاتینە ئۆردوگای زۆرەملێی ئەوە بەدەستی جوندییە خۆفرۆشەكانی سەدام حسێن حاڵمان زۆر خراپ بوو، دەهاتنە ماڵەكان ئەگەڕان، ئەیان وت:

**کواپیاوەکانتان لەکوێن ؟**

خراپەیان لەگەڵمان کرد زۆر زۆر ناخۆش بوو قەد لەیادمان ناچێت.

بۆنموونە ئێمە (٤)خوشك و یەك برامان هەبوو دایكم دووگیان بوو زۆر دەستكورت بووین، دایكم نەیدەتوانی بچێ كارمان بۆ بكات، خوشكە گەورەكەم تەمەنی (١٥) ساڵ بوو ئەودەچوو كاری دەكرد، بەڵام زۆر بەداخەوە لە ئەنجامی كارەساتێك ئەویشمان لەدەست چوو وەفاتی كرد.

ئەم كارەساتە لە ئەنجامی ئەنفالەوە روویدا، برینی ئەنفال كە لەجەستەی هەموو مرۆڤێكدا.

بمرێت حكومەتی فاشی بەغدا

سەربەرزی بۆ كەسوكاری ئەنفال

شنۆ جەلال عەبدولقادر

١٩٨٢/٣/٣١





**ئەنفال زامێكە**

**هیچ دەرمانێك تیماری ناكات**

من خەڵكی گوندی حەفتاچەشمەی جەباریم، سەر بە ناحییەی (لەیلان)، لە ساڵی ١٩٨٨ رژێمی عیراق بەپاڵپشتی جاش و مستەشارەكان هاتنە گوندەكەمان و بانگی خەڵكیان كرد بۆ ئەوەی خۆیان تەسلیم بە حكومەتی عیراقی بكەن، كە گوایە حكومەتی عیراقی هەموویانی عاف كردووە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوانەوە خەڵكیان دەست بەست كرد و بۆ سیمەكەی لەیلانیان بردن، دواجار هەموویان راپێچكران بۆ زیندانەكانی دبس و تۆپزاوا، لەو شاڵاوەدا باوكم و چوار مامم بەركەوتن و ئەنفالكران، تاكو ئێستا چارەنووسیان نادیارە، پاش چەند ساڵێك دایكم شوویكردەوە و من و دووخوشكم ماینەوە داپیرەم بەخێومان دەكات، ژیانمان زۆر خراپە، لە هەر شوێنێك كە باسی ئەنفالی تێدا بكەن تەزوویەك بەگیانمدا دێت كە چۆن رژێمی عێراق (١٨٢)

هەزار مرۆڤی بێ تاوانی وەحشییانە ئەنفالکرد و تاکو ئێستا چارەنووسیان نادیارە، من ئەوکاتە تەمەنم دوو ساڵان بوو، بەڵام داپیرەم و پوورم باسی چۆنییەتی ئەنفالکردنی باوکم و مامەکانم دەکەن دەڵێن ئەنفال زامێکە هیچ دەرمانێك تیماری ناکات.

داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کۆڵنەدات لە داواکردن و دۆزینەوەی چارەنووسیان بە بوون و نەبوون، ئەنفال زامێکی قووڵە لە جەستەی نەتەوەکەماندا ئێستا لە ماڵی داپیرەم ژیان بەسەر ئەبەم و لە پۆلی یەکەمی ناوەندی دەخوێنم.

ناو : نیگار ئەسعەد ستار

ناونیشان : بێدایكو باوك





١٣ ساڵە

لە نازی باوك بێ بەشین

من ناوم (گەوهەر فتاح)ە، لەدایکبووی (١٩٨٧/١/٢٥)م خەڵکی گوندی هەنارەی جەباریم، باوکم بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتووە، خۆم و دایکم و برایەك و دوو خوشکین، لە خانوویەکی بەکرێدا ین مانگی(٥٠٠)دینار دەدەین، گوندەکەمان لەژێر دەستی رژێم دایە و چەندماڵێکی عەرەبی تێدایە، ناتوانین بگەرێینەوە بۆ شوێنی خۆمان بۆ ئەوەی بژێوی ژیانمان دابین بکەین، لەبەر ئەوەی ئێستا لە ژیانێکی پڕ لە چاوەڕوانی و ناخۆشدا دەژین چاوەڕوانین رۆژێك باوکمان بەدیدارمان شادبێتەوە و لەژێر نازی دایك و باوکدا گەورەبین و بژێوی ژیانمان بۆدابین بکات، ئێستا ناتوانین هەموو پێویستییەکانمان دابین بکەین، داهاتی رۆژانەمان نییە و لەلایەن هیچ خێرخوازێکەوە مووچەمان نییە و من خوێندکاری یەکی ناوەندیم خوشکەکەم پۆلی شەشەمی سەرەتاییە و دایکم ژنی ماڵەوەیە، بەهۆی ئێمەوە ناتوانێت هیچ ئیشێك بکات، براکەشم لەبەر نەخۆشی ناتوانێت هیچ ئیشێك بکات لە خوێندنیش دابڕاوە

چونکە هەردوو گورچیلەی نەخۆشە، سیانزە ساڵە لە نازی باوک بێبەشین، هەموو شتێك لەم جیهانەدا سیانزە ساڵ بەسەریدا تێپەڕێت گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام تەنیا گۆڕانکاری بەسەر ژیانی کەسوکاری ئەنفالدا نایات، کە پاش ئەو هەموو ماڵ و ئاژەڵە کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت تائێستا هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری نەبووە جێگای ئەو هەموو سەروەت و سامانە پڕ بکاتەوە کە دایکم دەیگێڕێتەوە تەنها تراکتۆرێکمان هەبوو تەیارە لێیدا و سووتانی و زیاتر لە سەد سەر مەڕمان لەناوچوو، زیاد لە (٧٠)سەر بزنمان هەبوو (١٠)مانگامان هەبوو هەموویان تاڵان کرد، پاشان لەلایەن کۆمەڵە جاشەوە لەپێناوی پارەدا باوکمیان دەستگیرکرد، یەکێك لەو خۆفرۆشانە (تەحسین شاوەیس) کە دەستی باڵای هەبوو لە لەناوبردنی باوك و کەسوکارەکەماندا کە لە بنەماڵەی باوکمدا (١٧)کەس ئەنفالکراوە کە زۆربەیان گەنج بوون.





داواکارم لە خاوەن دەسەڵاتەکان بەدەنگی ئەم سکاڵایەمەوە بێن و چارەسەرێکی بۆبدۆزنەوە تاوەکو بژێوی ژیانمان دابین بکەن و چارەنووسی ئەنفالەکانمان دیاری بکەن با چیتر لە چاوەڕوانی ڕزگاربین لەم ژیانە سەخت و ناهەموارە.

گەوهەر فەتاح
لەدایکبووی ١٩٨٧/١/٢٥

**سەدام: سەر بۆ من ماڵ بۆ ئێوە**

ساڵی (١٩٨٨) لەدایکبوومە، باوکی خۆم نەدیوە لە (١٩٨٨/٤/١٤) باوکم و برایەکم بەناوی (نەجات) ئەنفالکران بەدەستی بارق عەبدوڵڵای خوێنرێژ.
دایکم دەیگێڕێتەوە ودەڵێ: ڕۆژێکیان باوکم بەدایکمی ووت: گەردنم ئازادبکە ئیتر نایەمەوە، لەو ڕۆژەوە باوکم نەگەڕاوەتەوە، خەڵکی لەڕێی خوا هاوردمانی بۆ چەمچەماڵ، ئیتر بە ڕەزالەتێکی خراپ ژیانمان بردەسەر. لە ڕاپەڕینەکەشدا دایکم بردمانی بۆ ئێران، کە گەڕاینەوە دڵمان خۆشبوو، بەڵام ئێمە خەڵکی گەرمیانین تائێستا هیچ حسابێکیان بۆنەکردووین.
داواکارم ئاوڕێکمان لێبدەنەوە گوناهمان چیبوو ئەنفالکراین. ئێمە (٥٠) ماڵ بووین لە گوندی (برایم خولام) خەریك یارمەتیدانی فەقیربووین و ژیانێکی ئاسایی دەژیاین، بەڵام کە دەنگی تۆپ و





تەیارە و پۆستاڵی عەسکەر تێکەڵ بە قیژەی ژن و منداڵ بوو لە گوندەکەمان ئیتر ژیانمان لێ تاڵ بوو، براکەم دوانزە ساڵان بوو گوناهی چیبوو بەر ئەنفال کەوت ؟
سەدام بە عەسکەرە ڕەشەکانی گوتبوو لەو گوندانە سەر بۆمن و ماڵ بۆئێوە، جگە لە ئەنفال تاڵانیش کراین، لەو ڕۆژەوە زۆر بە ڕەزالەتی و ناخۆشی ژیان بەسەر دەبەین، شەش سەرخێزانین و دایکمان بە کولەمەرگی بەخێومان دەکات، کەس ئاوڕێکی خێرمان لێناداتەوە.
داواکارم لە حکومەتی هەرێم ئاوڕێك لەو هەموو ماڵ و منداڵە بێ تاوانە بداتەوە کە بەبێ نازی باوك و برا چەند ساڵێکە بە سەرما و برسێتی ژیان بەسەردەبەن.

شەرمین ئیبراهیم عەلی

### بە پشتوێنەکانی خۆیان چاوبەست کران

ئەنفال ئەو کارەساتەیە کە بەسەر نەتەوەی کورددا هاتووە و ئێستاش هەر لەناو کورددا بەردەوامە، من باوکم ئەنفالە، لەبیرم نایەت چۆن ئەنفالکراوە، هەتا ئەو ڕۆژەی ئەمرم هەر بەتەمام باوکم بێتەوە بۆلامان، من شکات لەو کەسانە دەکەم کە باوکمیان ئەنفال کرد، ئەویش ئەمانەن (عەلی کیمیایی و موعتەسەم).
ئەوسا ماڵمان لە قەرەچێوار بوو، حکومەت تۆپبارانی کردین، ماڵمان گشتی سووتا و هیچمان بۆ دەرنەچوو، هەرچی دەغڵ و دانمان هەبوو سووتانیان.



ئەو نامانەی بە فرمێسک
نووسراون

کارەساتێك بەسەر کورددا هاتووە بەسەر هیچ کەسێکی تردا نەهاتووە، دایکم دەڵێت: ئەو کاتەی باوکمیان گرت نانمان بۆیانبرد بۆ مەرکەزەکەی قادرکەرەم، بەتووڕەبییەوە قسەیان لەگەڵ دایکم کرد، خواردنەکەیان لەدایکم وەرنەگرت بیبا بۆ باوکم، ئەو کاتە باوکمیان ئەنفال کرد، بەپشتوێنەکەی خۆی چاویان بەستەوە، من مناڵبووم لەبیرم نایەت گشتی دایکم باسی دەکات.

پەرژین ئەحمەد

موالید ١٩٨٧

## ئەفرەت لە زاراوەی ئەنفال

شالاوەکانی ئەنفال یەکێك بوو لەو کارە دڕندانانەی کە دژ بە گەلەکەمان ئەنجامدرا، ئەم شالاوە لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی عێراق – ئێران گەیشتە لووتکەی دڕندایەتی، ساڵی ١٩٨٢ (٨)هەزار بارزانی بێ تاوانی بێ سەروشوێن کرد و پاشان لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٨٨) لە شەش قۆناغی دوژمنکاریدا نزیکەی (١٨٢) هەزار ڕۆڵەی بێ تاوانی کورد بێ سەروشوێن کران و زاراوەی ئەنفالیان بەسەردا دابڕاند،سەروسامانیشیان بەتاڵان برا.

بەم کارە حکومەتی بەعس کارێکی کۆمەڵکوژی تری خستە سەر کارە چەپەڵەکانی تر دەرهەق بە میللەتی کورد و خاکەکەی، ئەو شالاوە نامرۆڤانەیە لە سەرنگومکردنی (١٨٢) هەزار مرۆڤی کورددا خۆی دەبینێتەوە، بەڵکو لەو شوێنەوارانەدا بەدی دەکرێت کە بەجێماوە بۆ هەزارەها ژنی پیاو ئەنفالکراو و منداڵی باوك ئەنفالکراو لەڕووی دەروونی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە.

شنۆ عارف حسێن

١٥ ساڵ





## خەمێك هەمیشە لە دڵمانە

ئەنفال ئەو کارە بەدناوە بوو کە بەسەر میللەتی کورددا هات و بەوێرانکردنی گوندەکانی کوردستان و بەتاڵانبردنی ماڵی کورد و لەدوایشدا گوندەکانیان ڕووخاند، بەڵام هەر بەوەشەوە نەوەستان، کە(١٨٢) هەزار کەسیان بێ سەر و شوێن بزر کرد.

باوکم بەدەست(عەلی حەسەن مەجید)ی تاوانبار گیراوە لە گوندی (ئالیاوە)ی سەر بەناحییەی قادرکەرەم، یەکەمجار لە قادرکەرەمەوە گواستراوەتەوە بۆ ناحییەی لەیلان، پاشان بۆ تۆپزاوای سەر بە پارێزگای کەرکوك، دواتر بۆ ڕومادی، هەتا ئێستا نازانم باوکم چی لێهاتووە، لە ساڵی (١٩٨٨)ەوە گیراوە و (١٣)ساڵە من باوکی خۆمم نەدیوە، بەبێ باوکم دەژیم و دوای شالاوەکەش ئێمەیان لە گوندەکەی خۆمان دەرکرد، باوکم ساڵی ١٩٥٧ لەدایکبووە، داوا لە سیاسییەکانی کورد دەکەم، بەهیچ شێوەیەك لەو تاوانە دڕندانەیە خۆش نەبن و بەدوای چارەنووسی ئەو(١٨٢) هەزار ڕۆڵە بێتاوانە بکەون.

شەونم ئیسماعیل عەلی

**منداڵە بچووکەکانمان لەبرسا مردن**

پێشەکی لە ساڵی ١٩٨٨ من خۆم تەمەنم دوو ساڵان بووە، گەورەکان بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕاومەتەوە، جێش و جاش هات گوندەکەمانی داگیرکرد، بەفڕۆکە و تۆپ و دەبابە هوجومیان بۆمان کرد، سەرەتا ماڵەکانمانیان سووتاند باوکمیان گرت و بردیان ئیتر ئێمە لەو ساوە نازانین چییان لێهاتووە، خانووەکانمانیان ڕوخاند و خۆمانیان دەستگیرکرد و بردمانیان بۆ تۆپزاوا، سێ شەو لەوێ سجن بووین، پاش ئەوێ بردمانیان بۆ دبس، منداڵەبچووکەکانمان لەبرسانا مردن، شەش مانگ لەوێ سجن بووین لەوێشەوە بارکراین بۆ بەندینخانەی تکریت نۆ شەویش لەوێ سجن بوین لەپاش عەفویەکدا ئیتر ئێمە بەربووین ئیتر لەو ساوە دایکمان بەخێوی کردووین.

ناوی خوێنکار : هونەر عەلی خورشید

گوندی گوڵباخ – پۆلی یەکەمی ناوەندی





**ئەو کاتەی گوندێك خەوتووە!**

سەرەتا شالاوی ئەنفال لە کۆتایی مانگی٣/١٩٨٨ سنووری قادرکەرەمی گرتووەتەوە، گوندی گەڕاوی لە ٤/٤/١٩٨٨زۆڵە جاشەکان لەگەڵ هێزی عەسکەری بەسەرپەرشتی بارق گەمارۆی گوندی گەڕاوی و گوندەکانی دەورووبەریاندا، هێزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەرپەرچی هێزی دوژمنیان دایەوە، هێزی پێشمەرگە بەهۆی عەلی کیمیای و دەبابە و دۆشکە و چەکێکی زۆر شکستیهێنا و دەیان شەهیدیدا بەرواری ١/٤/١٩٨٨ ڕاگوێزی قادرکەرەم کراین، نزیکەی (٧٠) پیاو دەستگیرکرا و چاویان بەسترا، ماڵەکانیش سووتا بەس ئافرەتمان دەرچووە ڕەوانەی قەلادزێ و چەمچەماڵ کراین بەرواری ٢٥/١/١٩٨٨.

**ناو : زاهیرە حسێن تۆفیق**

### شکات لە بارق دەکەم

حکومەتی عێراقی ڕۆژی ١٩٨٨/١/١٤ هێرشی کردە سەر ناحییەی سەنگاو و بەرەو گوندی قایتەوە و دەوری گوندەکەیان گرت و تۆپبارانی گوندەکەیان کرد، پاشان خەڵکی گوندەکەیان کۆکردەوە و ژن و منالّیان لە زەلامەکان جیاکردەوە، (٤١) پیاویان بەرەو زیندانەکانی نوگرەسەلمان برد و ئینجا خانووەکانیان بەشۆفڵ تێکدا و ڕووخانیان و هەموو کەلوپەلەکانیان ڕووخاند و ژن و منالّەکان ناچار بوون بەرەو ناحییەی قادرکەرەم ڕۆیشتن و لەوێش کاربەدەستانی حکومەتی بەعس هەندێ لەژن و منداڵەکانیان گرت و بەرەو زیندانەکانی نوگرەسەلمان ڕاپێچیکردن، پاشماوەی ئەو ژن و منالانە کە لە گرتن نەجاتیان بوو، ناچار بوون بەرەو قەزای چەمچەماڵ بچن لە ئۆردوگاکانی قادرکەرەم جێگیربن. وەکو شکات شکات لە بارق عەبدوڵلا دەکەین، چونکە ئەو دێهاتەکانی ڕووخاند و ژن و منداڵەکانی گرت.

حەنیفە شەریف حسن– ١٩٨٨/٧/١





### بەعسییەکان چیان نەکرد؟!

ساڵی ١٩٨٨ من منال بووم حکومەتی بەعس هاتن بۆ گوندەکەمان گوندی (خێڵی ئاخە)، بەتۆپ و هاوەن و دۆشکە و تەیارە هێرشیان کردە سەر گوندەکەمان و (٢٢)پیاویان گرت و چەند خانوویەکیان ڕووخاند و چەندین ژن و منداڵیان بەلێدان برد و گرتیان هەرچی مەڕ و بزن و مانگا هەبوو لەگەڵ خۆیان بردیان، من لەگەڵ براو خوشکەکانم گیراین و دایکم و دوو براو خوشکەکەم لەسجن مردن، ئەو بێ ویژدانانە کە وایان لە ئێمە کرد ئێستا هەزاران منالّی چاوگەش بێ دایك و باوك ماونەتەوە و بە کولەمەرگی ژیان بەسەردەبەن.

ئارام نوری مجید

## باوکم

### لە خەفەتی دایك و براكەم مرد

حکومەتی عیراقی لە ساڵی ١٩٨٨ هێرشی کردە سەر ناوچەکەمان، دەوری گوندەکەیان گرتین لەناوچەی گۆپتەپە، سەرەتا پێش ئەوەی بێنە ناو گوندەکەمان تۆپبارانێکی خەستیان کردین و ئەوەی کوژرا کوژرا ئەوەی گرتیان و بردیان، جگە لەوەی ئەوکات پیرەکانیان ناردە ماڵەوە، ئەوەی کە گەنج بوو گرتیان، من یەکێکم لەوانەی کە دایکم و براکەم بێ سەروشوێنن، تائێستا هیچ هەواڵێکیان نییە من هەر چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم کە ئەوان بێنەوە ناو ماڵەکەی خۆمان من باوکم پیر بوو لەدوای ئەوەی هاتینە ماڵەوە ئەویش لە خەفەتی دایکم و براکەم مرد و ئیتر هەتا ئێستاش هەر من و براکەم لەسەرماڵین، ئەو ڕۆژەی کە ئێمە گیراین ئێمەیان بردە چەمچەماڵ و لەوێ





هەواڵنامەی کتێب

جیایان کردینەوە، ئێمە تەمەنێکی منالمان هەبوو بۆیە جیایانکردینەوە و ئێمەیان ناردەوە ناو گوندی گۆپتەپە، ئێستا کە من شەوان ئەخەوم چرا و گڵۆپەکە براکەمن و سەرینەکەش دایکمە.

هاوکار شەریف

**ئەو دەمەی**

**گەلێکی بێ کەس سزا دەدرێ!**

من ناوم ( نزار عەلی محەمەد)ە کاتێ ئەنفالەکە دەستیپیکرد ئەوکاتە من لەزگی دایکمدا بووم، دانیشتووی گوندی قاسم گیرۆدە بووین. کاتێ کە گوندەکەمانیان سووتاند و تالانکرد لەلایەن جەللادەکانی سەدامەوە و جاشە خۆفرۆشەکان، دایکم لەگەڵ چەند ئافرەتێکی گوندەکەماندا ئەنفالکران بۆ بەندینخانەی رژێم، پاشان من لە بەندینخانەدا چاوم بەدنیا هەڵهێنا لەژێر سزای بەعسییەکاندا.

بۆیە دایکم ناوینام (سزا)، پاشان لە تەمەنی سێ مانگیدا لەگەڵ دایکم ئازادکراین ئێستا دانیشتووی شۆڕشین، لەکۆتاییدا دەڵێم: بڕۆخێ ڕژێمی سەرکوتکەری بەعسی بۆگەن، هیوادارم جارێکیتر نەکەوینەوە دەست ڕژێمی عیراق.

نزار عەلی





**گەرمیانیان بێ کەس کوژ کرد**

شالاوەکانی ئەنفال یەکێك بوو لەو کارە دڕندانەی کە دژ بە گەلەکەمان ئەنجامدران (١٨٢)هەزار ڕۆڵەی بێ تاوان بێ سەر و شوێنکرا ناوی ئەنفالیان بەسەدابڕاند، سەرجەم سەر و سامانیشیان بەتالان برا سێ خاڵم و یەك مامم ئەنفالە و باوکیشم ئەنفالە، هەموو گوندی برایم خولام وێران بوو، خەڵکی تێدا نەما و هەموو پیاوەکانیان گرت و ژن و منداڵ چوو بۆ قادرکەرەمی کۆن داواکاریمان هەیە لە سەددام حوسێن کە بەمان و نەمان پێمان بڵێن.

ئاواز محەمەد

## زنجیره بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوک

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێر | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەنفال و شۆڕەبی | شیعر و بیرەوەریی | مەلا شاخی | | ١٩٨٨ |
| ٢ | سروودی منداڵان | سروودی نەتەوایەتی | کۆمەڵێك شاعیر | | ٢٠٠٣ |
| ٣ | دیوانی ئالیاسین | شیعری وەرگێڕدراو | محمد حسین ئالیاسین | ئاوات حسن | ٢٠٠٥ |
| ٤ | ژیلەمۆی گەرمیان | بیرەوەریی | سەعید شاکەلی | | ٢٠٠٥ |
| ٥ | کۆنفرانسی ماددەی (٥٨) | وتار و دیکۆمێنت | | | ٢٠٠٥ |
| ٦ | راگەیاندن بەرجەستەکردنی ستەمی ئایدیۆلۆژی | لێکۆڵینەوە | شێرکۆ جەبار | | ٢٠٠٦ |
| ٧ | خورماتوو لە پاکتاوی رەگەزیدا | لێکۆڵینەوە | حەسەن بارام | | ٢٠٠٦ |
| ٨ | فەرهەنگی(ماچۆ)ی کاکەیی | فەرهەنگسازی | هاشم کاکەیی | | ٢٠٠٦ |
| ٩ | لەنێوان ئێستا و رابوردوودا | لێکۆڵینەوە | موعتەسەم ساڵحیی | | ٢٠٠٦ |
| ١٠ | مێژووی ئەو کۆمەڵە و رێکخراو | مێژوویی | سمکۆ بەهرۆز | | ٢٠٠٦ |
| ١١ | عەلی بەستێ | کورتە رۆمان | حەسەن جاف | | ٢٠٠٦ |
| ١٢ | ژیاننامە و بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر د.زەنون پیریادی | لێکۆڵینەوە | د. زەنون محەمەد | | ٢٠٠٦ |
| ١٣ | نەخۆشییەکانی ئاژەڵ کە تووشی ئادەمیزاد دەبن | لێکۆڵینەوە | د. عبدالکریم حاجی محمد | | ٢٠٠٦ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٤ | کەرکوک لەنێوان پیلان | کۆمەڵە گوتار | هێمن مەولود | | ٢٠٠٦ |
| ١٥ | کۆمەڵە وتار | وتار | تەها سلیمان | | ٢٠٠٦ |
| ١٦ | شکستی بلیمەتی | کۆمەڵە وتار | عەبدوڵڵا مەحمود | | ٢٠٠٦ |
| ١٧ | کەرکوك لەنێوان حەزی خەڵکەکەی و | لێکۆڵینەوە | عەلی مەحمود | | ٢٠٠٦ |
| ١٨ | دەروونناسی گشتی | دەروونناسی | د. عبدالستار تاهیر | | ٢٠٠٦ |
| ١٩ | گەنج و تازەگەری | وتار | فەرمان هیدایت | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٦ |
| ٢٠ | ئەنفال دۆزەخی بێگوناهەکان | شیعر | فەرمان هیدایت | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٦ |
| ٢١ | بەشێك لە ئەنفالی گەرمیان | مێژوو | حەسەن بارام | | ٢٠٠٦ |
| ٢٢ | "الأرجوان" قصص کوردیة | چیرۆکی وەرگێڕدراو | محمد صابر محمود | | ٢٠٠٧ |
| ٢٣ | شۆڕشەکانی ئیبراهیم خانی دەلۆ | مێژوو | مستەفا نەریمان | | ٢٠٠٧ |
| ٢٤ | کێشەی ویلایەتی مووسڵ | لێکۆڵینەوە | و: شێخ محمد شاکەلی | | ٢٠٠٧ |
| ٢٥ | بەشێك لە حیکایەتی ئەنفالی(٣) | مێژوو | هاوار عباس | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٧ |
| ٢٦ | شووشە | شیعر | هێمن خورشید | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٨ |
| ٢٧ | شێتبوون | شیعر | عومەر سەیدە | | ٢٠٠٨ |
| ٢٨ | مدینة اغرقت في الظلام | صور ووثائق | شرف الدین جباري | | ٢٠٠٨ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٩ | سووتان بەبۆنی بارانی نامۆ بوون | دەق | تەھا سلیمان | | ٢٠٠٨ |
| ٣٠ | گوڵبژێرێك لە شیعر و شاعیرانی گەرمیان | كۆكردنەوە و ئامادەكردن | سالح هەلاج | | ٢٠٠٨ |
| ٣١ | شهود عيان عن الأنفال | دیكومینت و دراسة | عارف قورباني | حسن شيخانى | ٢٠٠٨ |
| ٣٢ | المتاهة | مجموعة قصص | سالار إسماعيل سمين | | ٢٠٠٨ |
| ٣٣ | "شانۆكار" گۆڤاری شانۆیی | شانۆ | تیپی شانۆی كەركوك | هاوكاری كۆمەڵە | ٢٠٠٨ |
| ٣٤ | سەما لەگەڵ گورگە بۆرەكان | وتار | ستران عبدالله | | ٢٠٠٨ |
| ٣٥ | وەرزی بێ تاقەتی | شیعر | شەهید سۆران مامە حەمە | | ٢٠٠٨ |
| ٣٦ | صفحات من تاريخ اليهود | تاريخ | صلاح الدين مجيد | | ٢٠٠٨ |
| ٣٧ | دیوانی شاعیرانی كوردی گۆران | لێكۆڵینەوە | هاشم كاكەیی | | ٢٠٠٨ |
| ٣٨ | كورد و توركمان و رابردوویەكی پڕ لە قەیران | لێكولینەوە | معتصم نجم الدين | | ٢٠٠٨ |
| ٣٩ | جلولاء في صفحات التاريخ | دراسة | نجم عبدالله | | ٢٠٠٨ |
| ٤٠ | قسە خۆشەكانی ناوچەی گەرمیان | پەندی تەنزئامێز | شكور حەمەی هەیەر | | ٢٠٠٨ |
| ٤١ | شاكر فەتاح و رۆڵی لە... | لێكۆڵینەوە | بهاء الدين احمد | | ٢٠٠٨ |
| ٤٢ | خوایە وەرە بۆ ئەمریكا | شیعر | لەتیف هەڵمەت | | ٢٠٠٩ |
| ٤٣ | كاتژمێر دوو | چیرۆك | ئاسۆ سەعید | هاوكاری كۆمەڵە | ٢٠٠٩ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٤٤ | شێخ ئەحمەد شاكەلی | دیوان و یادداشت | هاشم كاكەیی | | ٢٠٠٩ |
| ٤٥ | پەیوەندییەكانی ئاسورییەكان و بەریتانیا | لێكۆڵینەوە | سیروان حەمە سەعید | | ٢٠٠٩ |
| ٤٦ | شعراء جماعة كركوك | دراسة | هشام القيسي | | ٢٠٠٩ |
| ٤٧ | قراءة استدلالية في المسرح الكوردي | دراسة | بشار عليوي | | ٢٠٠٩ |
| ٤٨ | كركوك الحقائق والأرقام | وثائق | عارف قورباني | | ٢٠٠٩ |
| ٤٩ | دانیشتن بەدیار ئەنفالەوە | وتار و دیدار | خەڵەف غەفور | | ٢٠٠٩ |
| ٥٠ | لە كۆتایی چاوەڕوانیدا | چیرۆك | عومەر سەعید | | ٢٠٠٩ |
| ٥١ | كەركوك لە ڕوانگەی مێژووەوە | لێكۆڵینەوەی مێژوویی | و: د. ئازاد عبدالواحد | | ٢٠٠٩ |
| ٥٢ | بیبلیۆگرافیای چالاكییەكانی كۆمەڵە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ | چالاكی كۆمەڵە | ئا: نەوزاد شێخانی | | ٢٠٠٩ |
| ٥٣ | رموزنەكان | كۆمەڵە چیرۆك | بەكر دەروێش | | ٢٠٠٩ |
| ٥٤ | ڕامان لە ئایدیۆلۆژیاكان | هزری سیاسی | محمد فاتح عبدالرحمن | | ٢٠٠٩ |
| ٥٥ | تاوان و تۆڵە | شیعر | حەمید مەجید جوامێر | | ٢٠٠٩ |
| ٥٦ | التركمان في وثائق البعث | وثائق | صمد چاوشين | ن:سامان بابان | ٢٠٠٩ |
| ٥٧ | كوردستان لە چاخی مەغۆلدا | لێكۆڵینەوەی مێژوویی | د.عەبدوڵا عەلیاوەیی | و:ستار شێخانی | ٢٠٠٩ |
| ٥٨ | مۆدلیانی | هونەر | | گرفتار كاكەیی | ٢٠٠٩ |

هەواڵنامەی كتێب

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٥٩ | ڕێبەری دەزگای ڕۆیتەرز | ڕۆژنامەوانی | | و: عمر عبدالكريم | ٢٠٠٩ |
| ٦٠ | خطوة على طريق النقد | دراسة نقدية | جليل البصري | | ٢٠٠٩ |
| ٦١ | هزری ڕەخنەیی و ئستاتیکای دەق | لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی | سەعید مەحەممەد بەرزنجی | | ٢٠٠٩ |
| ٦٢ | بەشێك لە بیرەوەرییەکانی مام جەلال | مێژوو | | و. سوران عەل | ٢٠٠٩ |
| ٦٣ | مێروولە | چیرۆکی منداڵان | ئەوزاد شێخانی | | ٢٠٠٩ |
| ٦٤ | گوڵ و ئاسك و هەنگ | چیرۆکی منداڵان | ئەوزاد شێخانی | | ٢٠٠٩ |
| ٦٥ | نەورۆز نامــە | | محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە | | ٢٠٠٩ |
| ٦٦ | دور نواب كركوك في العهد الملكي | دراسة تأريخية | د. نبيل محمود عكيد | | ٢٠٠٩ |
| ٦٧ | تۆبزاوە | پرسی ئەنفال و جینۆساید | ناوەندی چاك | لەسەر ئەرکی کۆمەڵە | ٢٠٠٩ |
| ٦٨ | ئەوت بەرانبەر بە خاك | لێکۆڵینەوە | | و: سایر عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٦٩ | چەمچەماڵ لە چەرخی بیستدا | مێژوو | د. زەنوون پیریادی | | ٢٠١٠ |
| ٧٠ | شیعر کوژی | چەند پەیڤێك دەربارەی شیعر | حەمە کەریم عارف | | ٢٠١٠ |
| ٧١ | گیرفان | گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی | کۆمەڵێك روناکبیر لە گەرمیان | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠١٠ |
| ٧٢ | وتە و پەندی بەنرخ | پەند | عەدنان ئیبراهیم | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠١٠ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٧٣ | ماندێلا و دیموکراسی ئەمڕۆ و باشووری ئەفریقیا | لێکۆڵینەوە | شادمان مەلا حەسەن | | ٢٠١٠ |
| ٧٤ | صفحات من تاريخ اليهود في العراق وكوردستان | دراسة تأريخية | صلاح الدين صالح مجيد | الطبعة الثانية | ٢٠١٠ |
| ٧٥ | أبعاد كوردستانية قضاء خورماتو | دراسة تأريخية | حسن بارام | | ٢٠١٠ |
| ٧٦ | پیاوێك گرەو لە ئەمری دەباتەوە | لێکۆڵینەوە | ئا: ساڵح هەلاج | | ٢٠١٠ |
| ٧٧ | عمليات الأنفال في كوردستان العراق | دراسة تأريخية | فاتح محمد سليمان | | ٢٠١٠ |
| ٧٨ | چە یانەی شوکر خەیاتەوە | لێکۆڵینەوە | گەرمیان شوکر | | ٢٠١٠ |
| ٧٩ | کەرکوك تایم | لێکۆڵینەوە | لەتیف فاتیح فەرەج | | ٢٠١٠ |
| ٨٠ | ئەنفال و سەگە ڕەشەکە و بیابان | لێکۆڵینەوە مێژوویی | هێمن مەولوود | | ٢٠١٠ |
| ٨١ | شەبەك | لێکۆڵینەوە مێژوویی | هاشم عاصی کاکەیی | | ٢٠١٠ |
| ٨٢ | یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ١٩٥٣ – ١٩٧٥ | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | سامان کەریم مەحموود | | ٢٠١٠ |
| ٨٣ | دیوانی شێخ کەریم بەرزنجی | شیعر | کەریم بەرزنجی | | ٢٠١٠ |
| ٨٤ | ناوچەی کفری لەنێوان ساڵانی (١٩١٤ـ١٩٤٥) | لێکۆڵینەوەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی | حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ | | ٢٠١٠ |
| ٨٥ | کەرکوك لەنێوان مێژوو دووبارە نووسینەوەیدا | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | سمکۆ بەهرۆز | | ٢٠١٠ |
| ٨٦ | سێشەممە نەبمە جەللاد | فکری | خالد سلێمان | | ٢٠١٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨٧ | زۆرانبازی لەگەڵ سەدەی ٢١دا | وتار | ستران عبدالله | | ٢٠١٠ |
| ٨٨ | شەوی سەفەر | شیعر | سەیران شەوانی | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠١٠ |
| ٨٩ | سۆزی شاعیر | شیعر بۆ گۆرانی | ستار ئەحمەد عبدالرحمن | | ٢٠١٠ |
| ٩٠ | طوزخورماتو التاريخ والشراكة الحقيقية | دراسة تاريخية | برهان البرزنجي | | ٢٠١١ |
| ٩١ | ئەدەب و هونەر | لێکۆڵینەوە | موعتەسەم ساڵحی | | ٢٠١١ |
| ٩٢ | عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجین | لێکۆڵینەوەی سیاسی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | ٢٠١١ |
| ٩٣ | الصحافة الكوردية البدايات | تاريخ الصحافة الكوردية | د. صباح موسى | | ٢٠١١ |
| ٩٤ | الكورد والتركمان إلى أين؟ | دراسة تاريخية | محمد شاكەلی | | ٢٠١١ |
| ٩٥ | FARAJ(ANFAL) | جینوساید | عارف قوربانی | | ٢٠١١ |
| ٩٦ | THE ARAB SHOVEL (ANFAL) | جینوساید | عارف قوربانی | | ٢٠١١ |
| ٩٧ | ژیلەمۆی گەرمیان | بیرەوەریی | شیخ سعید شاكەلی | | ٢٠١١ |
| ٩٨ | ئەنفال لە دیدی ئەوانی ترەوە | کۆمەڵە بابەت | ئاکۆ شوانی – بارام سوبحی | | ٢٠١١ |
| ٩٩ | ئەنفال بناری گل | لێکۆڵینەوە | بەختیار محەمەد موزەفەر | | ٢٠١١ |
| ١٠٠ | ئەنفال ناوچەی جەباری | لێکۆڵینەوە | ئارام بەهرۆز ساڵح | | ٢٠١١ |
| ١٠١ | پێوانی هەستی خۆ بە کەمزانین لای ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | مەریوان عەبدولمەجید | | ٢٠١١ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٠٢ | ئەنفالی چوار و کاریگەری | لێکۆڵینەوە | هێمن کامیل | | ٢٠١١ |
| ١٠٣ | قەیران و شوناسی خێزان لە پەراوێزی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | پشتیوان رەحیم | | ٢٠١١ |
| ١٠٤ | تغطية الصحافة للأنفال | بحث | شيخ صديق | | ٢٠١١ |
| ١٠٥ | لە بزووتنەوەوە بۆ حزبی سۆسیالیستی کوردستان | لێکۆڵینەوە | محەمەد شاکەلی | | ٢٠١١ |
| ١٠٦ | دەفری زێڕین | کۆدیدار | خەلەف غەفوور | | ٢٠١١ |
| ١٠٧ | بۆ ئەوەی رستی تەسبیحەکە نەپسێ | گوتاری رۆژنامەوانی | ئەحمەد تاقانە | | ٢٠١١ |
| ١٠٨ | زارا | جینۆساید | عارف قوربانی | بە زمانی ئینگلیزی | ٢٠١١ |
| ١٠٩ | حەپسە | جینۆساید | عارف قوربانی | بە زمانی ئینگلیزی | ٢٠١١ |
| ١١٠ | گەلاوێژ | جینۆساید | عارف قوربانی | بە زمانی ئینگلیزی | ٢٠١١ |
| ١١١ | دەسەلات و سەربەخۆیی کورد و...... | لێکۆڵینەوەی سیاسی | کاکەرەش صدیق | | ٢٠١١ |
| ١١٢ | ئەلبومی گەرمیان | ئەلبومی ئاوداران | ساڵح هەلاج | | ٢٠١١ |
| ١١٣ | Wyh does kirkuk belong to kurdistan | جینۆساید | عارف قوربانی | | ٢٠١٢ |
| ١١٤ | لەسەر سنوور | چیرۆك | ئەیوب لهۆنی | | ٢٠١٢ |
| ١١٥ | قەزای کفری.. شارەدێی کەلار پاسەکەی حاجی | یادەوەری | شێخ محەمەد شاکەلی | | ٢٠١٢ |
| ١١٦ | The Ethnic cleaning of kirkuk Issue(١) | جینۆساید | عارف قوربانی | | ٢٠١٢ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١١٧ | The Ethnic cleaning of kirkuk Issue(٢) | جینۆساید | عارف قوربانی | | ٢٠١٢ |
| ١١٨ | ئەو رۆژەی لە دایك بووم | راپۆرتە رۆمان | ئازاد رەشید | | ٢٠١٢ |
| ١١٩ | قسەخۆشەکانی ناوچەی گەرمیان | روودا و پەند | شکور حەمەی هەیەر | | ٢٠١٢ |
| ١٢٠ | خانای قوبادی | لێکۆڵینەوەی | کاروان عوسمان | | ٢٠١٣ |
| ١٢١ | هەڵسەنگاندنێك بۆ یاسای رۆژنامەگەری | رەخنە، بەراورد، پێشنیاز" | ناصح حەمەحسێن | | ٢٠١٣ |
| ١٢٢ | هەرێمی کوردستان و ئیرادەی ئایندەسازی | کۆمەڵە وتار | ئارات محەمەد ئەمین | | ٢٠١٣ |
| ١٢٣ | هذه هي أمريكا | مذكرات | محمد حمه صالح توفيق | رحيم حميد عبدالكريم | ٢٠١٣ |
| ١٢٤ | باليسان وشيخ وسان أول جريمة كيمياوية في كردستان | شهادات حية | د. جليل البصري | | ٢٠١٣ |
| ١٢٥ | شەهیدە بێ ناسنامەکان (بەرگی ١) | توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی | رێبوار رەمەزان عەبدوڵلا | | ٢٠١٣ |
| ١٢٦ | شەهیدە بێ ناسنامەکان (بەرگی ٢) | توێژینەوەیەکی سۆسیولۆجی و دیمۆگرافی و مێژوویی | رێبوار رەمەزان عەبدوڵلا | | ٢٠١٣ |
| ١٢٧ | حیکایەتەکانی مەرگ | دیکۆمێنتاری | ئیبراهیم هەورامانی | | ٢٠١٣ |
| ١٢٨ | دواتر دەبینێرم | کۆمەڵە وتار | فاتیح سەنگاوی | | ٢٠١٣ |
| ١٢٩ | قۆناغی سێی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | محەمەد ئەمین رەشید | | ٢٠١٣ |
| ١٣٠ | مستوى الدافعية للانجاز و علاقته بالتحصيل الدراسي | بحث ودراسة | أيوب خسرو نادر الهماوندي | | ٢٠١٣ |



| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٣١ | المقابر الرملية | رواية مترجمة | حسن جاف | | ٢٠١٣ |
| ١٣٢ | خەمێك بۆ ئەنفال | کۆمەڵە وتار | هێمن کامیل | | ٢٠١٣ |
| ١٣٣ | أسفار الجحيم | كتابات | جليل إبراهيم الزهري | | ٢٠١٣ |
| ١٣٤ | ئەنفال و جینۆسایدی کورد | لێکۆڵینەوە | چنار نامق | | ٢٠١٣ |
| ١٣٥ | ئەنفال نامە | کۆمەڵە شیعر | عوسمان دەروێش شکور | | ٢٠١٣ |
| ١٣٦ | ئەنفال گەردانەی بیابان | کۆمەڵە وتار | لەتیف فاتیح فەرەج | | ٢٠١٣ |
| ١٣٧ | دیدەڤانێن ئەنفال و کۆمکوژی و کیمیابارانان | دیدەڤان | رێکاری مزویری | | ٢٠١٣ |
| ١٣٨ | پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی دۆڵی جافایەتی | لێکۆڵینەوە | رێبوار ئیبراهیم سلێمان | | ٢٠١٣ |
| ١٣٩ | شاهد على جريمة العصر | | عارف قورباني | | ٢٠١٣ |
| ١٤٠ | شاهد من عمق الصحراء | | عارف قورباني | محمود رمضان | ٢٠١٣ |
| ١٤١ | مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد | | رێکاری مزویری | | ٢٠١٣ |
| ١٤٢ | ئەنفال جینۆسایدی گەلی کوردستان | لێکۆڵینەوە | سالار مەحموود | | ٢٠١٣ |
| ١٤٣ | لە رەهەندی مێژووییەوە بۆ رەهەندی یۆتۆپیایی ئەنفال | لێکۆڵینەوە | رێدوار سیوەیلی | | ٢٠١٣ |
| ١٤٤ | ئەو نامانەی بە فرمێسك نووسراون | نامە | ئا: لەتیف فاتیح فەرەج و ئاکۆ محەمەد شوانی | | ٢٠١٣ |

هەواڵنامەی کتێب